


# هەورامییەکان دەیانەوێت کودەتا بکەن

## گروپێکی هەورامی رادیکاڵ داوا دەکەن هەورامی وەك زمانێکی رەسمی بناسرێت نەك وەکو شێوەزار

راپۆرتی هەردی مەهدی

● "ناساندنی وەك زمانێکی رەسمی و بەهەورامیکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و جیاکردنەوەی داهاتی تایبەت بە دەزگاکانی راگەیاندنیان لە دارایی هەرێم" لەو داواکارییانەن کە هەورامییەکان داوای دەکەن و دەیانەوێت پەرلەمان و حکومەتی هەرێم ئەم خواستەیان بۆ دابین بکات.

"داواکارین زمانی هەورامی وەك زمانی کەمینە بناسرێت" ئەم دێرە مانشێتی ژمارە (2)ی رۆژنامەی (کۆمسا) بوو، کۆمسا گروپێکی خوێنەواری ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان دەریدەکەن، لەمانشێتەکەیانەوە دەردەکەوێت ((هەورامی)) وەك زمانێکی سەربەخۆ دەناسێنن، نەك شێوەزارێك لەشێوەزارەکانی زمانی کوردی. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە تا ئێستا لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی لە ناوەندی رۆشنبیری کوردیدا پێچەوانەی ئەو رایەن کە کۆمسایییەکانی هەورامان داوای دەکەن، زۆرێك لە ناوەندە کوردییەکان و خەڵکانی شێوەزارەکانی دیکە ئەم دیاردەیە بە ترسناك وەسفدەکەن و بۆ جیاخوازی هەورامییەکانی دەگێڕنەوە، چونکە ئەوان پێیانوایە هەورامی لە شێوەزاری گۆرانە ،گۆرانیش هاوتای کرمانجەکانی ژوورو و خوارووە.

بەڵام (نوعمان هاوار)ی خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی کۆمسا سورە لەسەر بۆچونەکەی، نوعمان دەڵێ "هەورامی زمانێکی جیایە و شێوەزار نییە" نوعمان ئاماژە بەوەدەکات ئەوان پێنج پیتی جیایان هەیە کەلە شێوەزارەکانی تردا نییە و ئەمەش مانای جیایی "زمانەکەیانە" لەگەڵ سۆرانی و بادینی و لەهجەکانی دیکەدا..

لە هەندێك ناوەندا گومان لەم جموجوڵەی هەورامیەکان و داواکاریەکانیان دەکرێ، هەندێك پێیانوایە ئەمانە بەوەوە ناوەستن و داوای فیدراڵیش دەکەن، بەڵام نوعمان هاوار

لەوەڵامی ئەم بگومانەدا وتی "هەرگیز داوایەکی لەو شێوەیەمان نەبووە و نابێت، ئەوە خۆ بچوککردنەوەیە داوای جیایی لە کورد بکەین، کورد جارێ خۆی چی هەیە تا ئێمە وەك هەورامی داوای شت بکەین"

سەبارەت بە داواکارییە رەسمییەکانیان و ئەو خواستانەی کە لە یاداشتێکدا ئەنجومەنی گوندەکانی هەورامان و چەند رۆشنبیر و رۆژنامەنووسێکی هەورامی لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بڵاویان کردەوە و واش بڕیاربوو بدرێتە پەرلەمانی کوردستان. گرنگترینی ئەو خاڵانە بە وتەی (شەوقی شەیدا) شاعیر و ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کۆمسا و یەکێك لەو نوسەرانەی کە بە داکۆکیکەرێکی توندی هەورامان لەقەڵەمدەدرێت، پێکهاتووە لە (( بە هەورامیکردنی پرۆسەی خوێندن و بەکارهێنانی زمانی هەورامی وەك زمانی رەسمی لە ناوچەکەدا و ناساندنی وەك زمانی کەمینە نەك لەهجە، هەروەها دابینکردنی مینحەی تایبەت بە رۆژنامە و گۆڤار و ئەو کەناڵە راگەیاندنانەی هەورامان کە خزمەتدەکەن ))

ئەمانە لە گرنگترین ئەو داواکاریانەن کە هەورامییەکان داوای دەکەن بە وتەی شەیدا.

ئەو لە پرسیاری ئەوەدا کە هەورامی زمانە یان شێوەزار و لەهجە، وتی " گەر بە لەهجەی لەقەڵەم بدەین ئەوا هیچمان نەکردوە"

نوعمان هاواریش لە داوکارییەکانیدا بۆ پەرلەمانی کوردستان و حکومەت، جەختی لەوەکردۆتەوە پێویستە دیراسە لە کلتور و زمانی هەورامیدا بکرێ ، هاوکات ئەوەش دەڵێ " لانیکەم پێویستە لە خوێندنگاکاندا وانەیەکی هەورامی هەبێت" چونکە ئەو پێیوایە "زمانێك فەرهەنگی تایبەتی هەبێت شایستەی ئەوەیە " هاوار باسی لەوەش کرد لە ئێستادا لەگەڵ هاوکارەکانی سەرگەرمی قاموسێکی هەورامیین و لە تەواوبونەدان، قاموسەکە (51)هەزار وشەیە، وشەی وای تێدایە لە هیچ زمانێکی دیکەدا نییە و دەبێتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی قسەکردن و نووسین بۆ زمانی کوردی.

ئاسۆ بیارەیی نووسەر و رۆشنبیری هەورامیی و خوێندکاری کۆلێژی دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە وڵاتی سوێد، یەکێکە لەو کەسانەی لە زۆرێك لە ماڵپەڕەکاندا جەخت لەسەر مافی هەورامییەکان و ناساندن و پاراستن و بەڕەسمیکردنی خوێندنی هەورامی دەڵێت "من زماناس نیم تا بڵێم هەورامی زمانە یان شێوەزار، بەڵام هەورامی تا مێژوویەکی نزیك زمانی نووسینی باشوری کوردستان بووە و هەموو بنەمایەکی زمانی تیایە، دەستور بەشێکی گرنگی زمانی کوردی رزگاردەکات، پەیوەندی پتەو لەنێوان زاراوەکاندا دروستدەکات بۆ ئایندەی زمانی یەکگرتووی کوردی، کە هەنگاوێکی گرنگ دەبێت گەر کاری بۆ بکرێت "

(هەورامان عەلی تۆفیق)ی نوسەر کە هەورامییەکی دانیشتووی ئەڵمانیایە جەخت لەوەدەکاتەوە "هەورامی زمانە پێویستییەکی زەروری و مێژووییە کە دەبێ لە دەستووردا دانیپێدابنرێ و ئەومافە زمانەوانییە پێشێلنەکرێت "

هەورامان سوورە لەسەر ئەوەی دەبێت مافە دەستورییەکانیان لە کوردستان دابینبکرێن وەك چۆن هەموو تاکێکی کورد ئەو مافەی هەیە، هەورامان دەڵێت "هەورامییەکان وەك هەموو تاکێکی کورد دەیانەوێ زمانی دایکی خۆیان لەپاڵ زمانی یەکگرتووی کوردی بخوێنن و لە بەڵگەنامە دەستورییەکاندا بوونیان هەبێت"

زۆرێك لە هەورامییەکان پێیانوایە گەر بەم حاڵەی ئێستاوە کە بەبڕوای ئەوان هیچ گرنگی نەدراوەتە هەورامییەکان لە ڕووی فەرهەنگی و زمانەوانی و مافە دەستورییەکانەوە، ئەوا دوور نییە "زمانی هەورامی" بفەوتێت و لەناوبچێت و ئەوساش فەرهەنگ و کلتورێکی گەورەمان لە کیسچووە. بەبڕوای هەروامان چارەسەر ئەوەیە "پێویستە گفتوگۆو لێدوانی زیاتر بکرێت، بەشێوەیەکی زانستیانە بەدوای ئەو داواکارییانە بچن تا هەموولایەك بگەن بەو بڕوایە کە ئەمە زمانێکەو خاوەن مێژوو و ئەدەب و هونەرو ڕێزمان و ڕێسای تایبەت بەخۆیەتی و دەبێ ڕێگا لەفەوتان و لەناوچوونی بگیرێ "

"زیندوو راگرتنی فەرهەنگی هەورامی بەشێکی گەورە و پێویستی ژیانی هەورامییەکانەو دەبێت دەسەبەربکرێت" ئەمە داواکاری ئاسۆ بیارەیی بوو.

ئاسۆ ئاماژە بەوەدەکات کە خۆی و چەند دڵسۆزێکی زمان و نەتەوەی کورد بە شێوازی زانستی مەدەنیانە کار بۆ ئەم داواکارییانەیان دەکەن تا دەچەسپێت، ئاسۆ پێیوایە ئەمە کارێکی جوداخوازییانە نییە بەڵکو هەنگاوێکە بۆ "یەکبوونی کورد وەك نەتەوە و دەبێت پەرلەمان وەڵامی ئەم خواستەیان بداتەوە"، ئاسۆ ئەم مەسەلەیە تەنیا بەچارەنوسی هەورامییەکانەوە نابەستێتەوە "ئەمە تەنیا پەیوەندی بە هەورامییەوە نییە، بەڵکو بە بەشێکی زیندووی زمانی کوردی و یەکبوونی گەلی کوردەوە هەیە وەك نەتەوە"

ئاسۆ بیارەیی وەك چارەسەر بۆ کێشەکە داوای هەڵوێست لە پەرلەمانی کوردستان دەکات و بێزارە لەو بێدەنگییەی کە پەرلەمان پیایدا تێپەڕ دەبێت سەبارەت بە کەمتەرخەمی بەرامبەر بەهەورامییەکان، ئاسۆ دەڵێ "وەرنەگرتنی هەڵوێست لەلایەن پەرلەمانەوە، نیشانەی گوێنەدانە بە کێشە چارەنوسسازەکان کە داهاتووی کوردیان وەکو یەك نەتەوە لەسەر بەندە"

جێی ئاماژەیە هەورامییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بۆ چەند مانگێك دەچێت لەگەڵ بڵاوبونەوەی پرۆژەی رەشنووسی دەستوری هەرێمی کوردستان، خواست و داواکارییەکانی خۆیان خستە بەرچاوی راگەیاندنەکان و داوای جێگیرکردنی دەکەن لە دەستوری هەرێمدا، هاوکات لە ماوەی رابردووشدا ئەنجومەنی گوندەکانی هەورامان لە یاداشتێکیاندا هەمان ئەو خواست و داوا دەستورییانەیان بەرزکردەوە و داوای جێبەجێکردنیان دەکەن لە پەرلەمانی کوردستان.